## به  دارمانی بەرزاییەکانی گوێژە و دروستکردنی ئاپارتمانەکان سلێمانی تینو تر دەبێت

بە ئاشکرا دارمان و پلانی بە ئاپارتمانکردنی ناوچەی گۆیژە کەوتۆتە قۆناغی جێبەجێکردنەوەو ڕۆژانە کۆمپانیاو سێبەرەکانی پشتی کۆمپانیاکان پاساوی جۆربەجۆر دەهێننەوە بۆ بەڕێکردنی پلانە بەرژەوەندخوازەکانیان. یەکێك لەو پاساوانە ئەوەیە کە گوایە قۆناغی بیناسازی ڕوویەکی (شارستانی) تر دەدات بە شاری سلێمانی. چ شارستانییەتێك؟  لە شارنشنیدا هاولاتی و ژینگە چەقە و لە سەنتەردایە، گەر شارستانییەت و شارنشینی لەسەرو بەرژەوەندی  پێداویستی سەرەکیەکانی هاولاتیان بینا بکرێت ئەوا شارستانیەکی پووچ و بێ گیان دەبێت و کلۆربوونی کۆمەلایەتی  بەدوا دێت،بەوەش ژیانی تاك دەکەوێتە مەترسییەوە.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئایا زیادکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی پێداویستییەکی بنەڕەتییەلەم کاتەدا؟ بەتایبەتی کە لە ماوەی ٣٤ ساڵی حوکمڕانی کوردییدا بەبەردەوامی کەلێنی گەورەمان هەیە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی وەك کارەبا و ئاو هەوا و خۆراکی تەندروست و ڕێگەوبان و  کەرتی تەندروستی. دەزانین کە  ئاستی پێشکەشکردنی  خزمەتگوزاریی و چارەسەر بۆکێشەکانی بەرێوەبردنی شار  بەبەردەوامی بە پرۆسەی  پینەکردن و داپۆشینی گرفتەکان  و چارەسەری کاتی بووە، تەنها زەرەمەندی گەورە هاولاتی بووە.

لە ئێستادا، ژمارەی دانیشتوانی ناو قەزای  سلێمانی بە بەکرەجۆ و تانجەرۆو بازیانیشەوە دەگاتە نزیکەی ٩٩٢،٩٢٢  کەس، ئەم ژمارەیەش بەسەر ١٩٨ هەزار خێزاندا دابەش بوون،  تا ئەم کاتە لەم ناوچەیە ٢٢٢ هەزار یەکەی نیشتەجێمان هەیە بەخانوو ئاپارتمانەوە. گریمان  هەموو خێزانەکانی شار خاوەنماڵی تایبەتی خۆیانن، کەواتە ٢٤هەزار یەکەی نیشتەجبوون  لە شاردا زیادەیە، جگە لە باخ و ئەو ڤێلایانەی کەلە ناوچەکەدا هەلتۆقیوون. تەنها ئەم ٢٤ هەزار شوێنی نیشتەجێبوونە نییە  بەڵکو فراوانکردنی شار لەسەر ئەژماری سروشت و گرد و شاخەکان بەردەوامە، کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە کەوتونەتە تەختکردنی سروشتی ناوچەکە و مۆڵەت و پلانی دروستکردنی ٤٧ هەزار یەکەی نیشتەجبوونی تریان   لە کاربەرێوەبەرانی سلێمانی و حکومەتی هەرێمەوە وەرگرتووە بۆ ئەم ساڵ و ساڵی ئایندە، هەندێکیان لە ئێستا لە ناوچەی گویژە قووتبونەتەوە. کەواتە تا ساڵی ٢٠٢٦ ڕەنگە نزیکەی ٧٠ هەزار خانووی زیاد هەبێت لە سلێمانیدا.

## گرنگی ئاو بۆ سلێمانی؟

یەکێك لە هەرەوە سەرەکیترین  پێداویستی مرۆڤ و دەوروبەر، ئاوە.  هەمیشە دەوترێت ئاوەدانی لەسەر بنەمای ئاو گەشە دەکات واتە ئاو داینەمۆی ئاوەدانییە بۆ  ژیان وگەشەکردنی کۆمەڵگا.

لە شاری سلێمانی دوو سەرچاوەی سەرەکی  ئاو هەیە  بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەی دانیشتوانەکەی کە ئەوانیش سوود وەرگرتنە لە ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی.  سەرەکیترین سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی عەمبارو خەزانی ئاوی دووکانە و  هەروەها  سوودوەرگرتنە لە ئاوی ژێر زەوی لە ڕێگەی بیرو کارێزەکانەوە.

## ئاوی دوکان:

دوکان دەریاچەیەك یاخود ڕێزێرڤوارێکی دەستکردە کە لەساڵی نێوان سالانی (١٩٥٤-١٩٥٩) بەمەبەستی گلدانەوەی ئاو دروستکراوە و ٧٠ کم دوورە لە ناوەندی سلێمانییەوە. کۆی قەبارەی ئاووی دوکان ئەگەر کەم بارنی نەبێت دەگاتە  ٦،٨ کیلۆمەتر سێجا ئاو واتە لەکاتی پڕبوونی تەواوەتی ٨،٣ کم٣  واتە ٦،٨ کواردلیۆن

لیتر  دەگرێت.  جگە لە سوودی گەورە بۆ ناوچەو گەندەکانی دەوروبەر تا دەگاتە دەشتی کۆیەو تەقتەق و پردێ و کەرکوك و تا دەرژێتە ناو ڕووباری دیجلە. لەڕێگەی بۆرییوە بە ناو کۆمەڵگای پیرەمەگرون و بازیان تێپەڕ دەبێت و دەگاتە شاری سلێمانی و دەرورووبەری.  ئەو بڕەی کە دەگاتە سلێمانی و دەوروبەری  ڕۆژانە دەگاتە  ٢٣٠ هەزار مەتر سێجا واتە ٢٣٠ ملیۆن لتر  دەدرێتە ماڵان. گەرەکەکانی سلێمانی کەژمارەیان ٢٥٠ گەرەکە، هەفتەی جارێك یان بە دەستنیشانکراوی ٤ ڕۆژ جارێك لە هاویندا و ٣ ڕۆژ جارێك لە زستاندا ئاویان بەردەکەوێت، کە ئەمەش پێویستی هاولاتیان سارێژ ناکات، زۆربری جار هاولاتیان لە ڕێگەی تەنکەرە ئاو دەکڕن. هەنێك گەڕەکیش هەیە تا ئێستا ئاوی بۆرییان بۆ ڕانەکێشراوە  ڕۆژانە بە تەنکەر ئاو دابین دەکەن.

پرسیارە جەوهەرییەکە ئەمەیە: لە ئەگەری زیادبوونی ٧٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبووندا ، واتە زیاتر لە ٤/١ ی ئەم ڕێژەی ئێستا هەمانە، دابەشکردنی ئاو چەند جار ئەبێت لە هەفتەیەکدا؟  وەلامەکەی ئاسانە ڕەنگە بگاتە یەك جار لە هەفتەیەك یان زیاتر لە هەفتەیەك.
 خاڵێکی لەمە گرنگتر ئەوەیە کە عەمباری  دوکان لە دوو ڕێگاوە کۆدەبێتەوە، ئاوی باران و ئەو سەرچاوانەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە  دێن، لە ئەگەری بێبارانی و دروستکردنی بەنداوی زیاتر لەدیوی ڕۆژهەڵاتەوە ئەوا ئاوی دوکانیش ئەم  توانا سنووردارەی ئێستای  لەدەست دەدات.

## ئاوی ژێر زەوی:

ئاوی ژێر زەوی بریتییە لەو ئاوەی کە لە بۆشایی بچووکی نێوان خاکی بەردین و بنکەوتووی  ژێر زەویدا گیری خواردووە  بە هێواشی دەجوڵێت بەناو پێکهاتە جیۆلۆجییەکانی خاک و لم و بەرد کە پێی دەوترێت ئاوەڕۆی ژێرزەوی (Aquifers), ڕۆیشتنی ئاوی ژێر زەوی پشت دەبەستێت بە قەبارەی بۆشاییەکانی ناو خاك  یان بۆشایی بەردەکانەوە. زۆرینەی کات بە هۆی هەڵسوکەوتی ناپەسەندی مرۆڤەوە ئەم ڕارەوە ئاوییانە دەشێوێنرێت.  مرۆڤ لە ڕێگەی بیرو کارێزە و کانیاوە وە سوودی لە ئاوی ژێر زەوی دەبینێت بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ و پیشەسازی.

گەر بەووردی سەرنج بدەینە ئاوی ژێر زەوی سلێمانی دەبینین سلێمانی لە ساڵانی ڕابردوودا چەندەها کارێز و کانی تێدا بووە بەڵام بە هۆکار مرۆکرد لە فراوانبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و دروستکرددنی بینای بەرز کارێز و کانییەکان سەریانگیراوەو پڕکراونەتەوە، هۆکاری کەمبوونەوەی باران و بەفریش بە هەمانشیوە کاریگەری گەورەی هەبووە لەم پرۆسەی وێرانکردنەدا، کە ئەمیش ڕێژەیەکی زۆری هەر مرۆکردە. لە پاش ڕاپەڕینەوە ڕێژەییەکی بێشومار لە بیر هەڵکەنراون کە نزیکەی دە هەزار بیر دەبێت لە سلێمانی و دەوروبەری، هەر  لە مەڵبەندی شاری سلێمانی نزیکەی ١٨٠٠ بیری تۆمارکراو هەیە، ئەمە جگە لەو بیرە قاچاغانەی کە ڕۆژانە هەڵدەکەنرێت. ئەوەی تێبینی دەکریت لە هەڵکەکنینی بیرەکاندا، دابەزینی ئاستی ئاوە، کە لە زۆر شوینی سلێمانیدا دەگاتە زیاتر لە ١٥٠ مەتر قولایی کە ئەمە لە ڕابردودا بەم شێوەیە نەبووە.


گەورەترین گرفت ئەوەیە لە کاتی کەمبوونی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی، هانا بۆ سەرچاوەی ئاوی ژێزەوی بەریرت بە شێوەیەکی ڕەمەکیانە، کە دەبێتە هۆکاری شێواندنی چینەکانی ژێر زەویی جا بە هۆی بیناسازیی و فراوانبوونی شارەوە بێت یان بشێویەوە بێت.

## سلێمانی لە ڕووی جیۆلۆجی و چینەکانی ژێر زەوییەوە:

هەڵکەوتەی جوگرافیای سلێمانی لە نێوان شاخ و گرد و دۆڵەکاندا، سلێمانی کردۆتە ئەستێلێکی گەورەی پڕ لەئاوی ژێر زەوی، کە لە ڕابردودا ببوە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندەها کارێزو کانیاو و عەمباری پڕ لە ئاو. بەڵام لە ئێستادا ئەم ڕێژەیە کەم بۆتەوە بە هۆی ژمارەی بێشمار لە بیر و کەم بارانی و ووشکەساڵی، سەرەڕای ئەمە نکوڵی ناکرێت کە ڕێژەیەکی زۆری ئاو تێدایە.

لە ڕووی جێۆلۆجییەوە، ژێر زەوی سلێمانی لە چەند پێکهاتەیەکی گرنگ دروستبووە ، هەر یەك لە ئەم پێکهاتانە هەڵگری بڕێکی زۆرن لە ئاوی ژێر زەوی کە پشت دەبەستن بە ئاوی باراناو و بەفرەوە لە هەموو ناوچەکەدا. ئەم ئاوانەش هەمیشە لە جوڵەو ڕاروکردنە بەرەو ناوچەی تر. هەموو ئەم پێکهاتانە گرنگی خۆی هەیە لە ڕووی ژینگەیی و گلدانەوەی ئاوی ژێر زەوی. ئەم پێکهاتانە درێژبوونەتەوە، بە دووری فرە مەوداوە، واتە ئەم پێکهاتانە درێژ دەبنەوە لە سلێمانی وە بە هەزارەها کیلۆمەتر پەل دەکێشن بۆ دەرەوەی شاری سلێمانی.


بۆ ئەوەی زیاتر لە پێکهاتەی زانستی چینەکانی ژێر زەوی ناوچەی سلێمانی و پۆلێنکردنیان تێبگەین دەبێت هەڵوێستەیەك بکەین لە سەر ئەم شیکارییە کە جیۆلۆجیستەکان چینەکانی ژێر زەوی سلێمانیان بەم چەشنە پۆلێن کردووە و ناوچەکەیان پێك هێناوە، ئەوانیش ئەمانەن:




سوودم لە سەرچاوەکانی دکتۆر سەلاح حەمە کەریم وەرگرتووە

لیرەدا لەبەر ڕۆشنایی بە ئاپارتمانکردنی ناوچەی گۆیژە بە تەنها سەرنج دەخەمە سەر ئەو پێکهاتەیەی بەرێژەیەکی زۆر کە شاری سلێمانی سوودی سەرەکی لێ دەبینێت کە لە ڕووی ئاوی ژێر زەوییەوە کە بۆتە ڕاگرتنی بڕێکی زۆر لە ئاوی عەمبارکراو و هەڵقوڵانی کانیاوەکانی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری:

پێکهاتەی کۆمیتان: وەك لە وێنە شیکارییەکەدا ئاشکرایە کۆمیتان لە سەر شاخی ئەزمەڕ و گۆیژە و دەباشان درێژ دەبێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی هەتا دەگاتە ناوچەیشێرکوژو سەرچنار و رزگاری، لە دیوی پشتی ئەزمەڕیشەوە بۆ ناوچەکانی سیتەك. کۆمیتان لە نەرمە بەردی سپی قسڵی پێك دێت و ئاوێکی سازگارو پاکی هەیە شیاوە بۆ خواردننەوە بە ئاوی کارستی ناوزەند دەکرێت، ئاوی کارستی سەرچاوەیەکی ئاوی ژێر زەوییە لە بەردە تواوەکاندا بوونی هەیە لە بۆشایی گەوەرەی ژێر زەویدان. بە هۆی گرنگی ئەم پێکهاتەیەوە ئەم ئاوە بۆتە هۆی بووژانەوەی کانیاوەکانی سەرچنار و بێستانسور وسەرای سوبحان ئاغا و تەنانەت کانیاوەکانی تابینیش. لەم وێنە شیکاریەدا بە ئاسانی ڕێڕەوی ئاوی ژێر زەویە لە پێکهاتەی کۆمیتاندا دەردەکەوێت.




سوودم لە سەرچاوەکانی دکتۆر سەلاحەدین عەلی وەرگرتووە

### بۆچی بە ئاپارتمانکردنی ناوچەی گۆیژە سلێمانی تینوو تر دەبێت؟

هەڵکەندن و دروستکردنی بناغەو شکاندن و برین و دارمانی شاخی گۆیژە بەهەر پاساوێك بێت دە بێتە هۆی پچراندنی ئەو چینەی کە پێی دەوترێت کۆمیتان، کە لەبنەڕەتدا ڕاڕەوی ئاوپین بۆ مەڵبەندی سلێمانی و دەوروبەری.  بەم شێواندنەم سلێمانی ئەو ئەستێڵە لەدەست دەدات کە بەهۆی شاخ و گرد و تەپۆلکاکانەوە دروست بوون. دەرئەنجامی ئەم کردە نابەرپرسیارانەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا کانیاوەکانی سەرچنارو تابین و بێستانسسور ووشك دەبن و کاریگەری لەسەر هەموو ئەو بیرانەش دەبێت کە لە ناوچەکەدا هەن. بۆیە بە دروستکردنی ئایارتمانەکانی گۆیژە خەڵکی سلێمانی دووچاری قەیرانی گەورەی بێئاوی دەبێتەوە و سلێمانی تینوو تر دەبێت، ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی چەند کەسێکی باڵادەست کە بونەتە سێبەری پشتی کۆمپانیا گەورەکانی ئەم دەڤەرە، کاری رۆژانەشیان شێواندنی سلێمانیە.